# شیرینترین تابلۆ..


سەرهەنگ خامۆش

Xamosh_serheng@yahoo.com




کێ لە وەهمی
ساتەکانی ژین تێ دەگا
هاواری بۆ
ئاسمانە سورەکانی ئەوین دەبا
کێ ئابڕوی خۆی وەکو سێوێ
دەخاتە ژێر رەحمی چەقۆیەك و
سەری بۆ خیانەت
کەچ ناکا....
کی دەزانێ
خورپەی دڵی خورشید
لە کام تەلار ماڵ ئاوایی
لە ئەوین کرد
کێ وەك مامەر
بە هەوریەکەی سەری و
فیشەکەکانی کەمەری
کرنۆشی بۆ نزاکانی عەشق دەبرد...
بڕوا بکە
کاتێ بە دیار وێنەکەی تۆ
قوڵ بومەوە
وەك جادوکەر
ئەفسونم خستەسەر سیمات
هەر بۆ ئەوەی
کۆمەڵی حەز بخوێنمەوە
(زینم بینی
بە دوای پشتێنەکەی
کاکە مەم دەگەڕا )
فریشتەکان
لە بێ هودەیی تۆ
خەو لە چاوانیان دەزڕا
هەورم بینی

**بۆ پرسەی شیوەنی حەزو**

**کراسی ڕەشی تۆ دەگریا**

**گەڵێ بەدوای**

**عاشقانی تۆدا گەڕام**

**بەدوای تامی**

**هێشوی شیرینی دا سوڕام**

**تۆ لە هەموو شت شیرنتر بووی**

**گەڕام ... گەڕام**

**وەك دێوانە**

**لە ئاسمانی تریفەی وێنەکەت**

**تۆ لە هەموو شتێ جوانتر بووی ....!**